***تێبینی :***

***لەم دیدارەدا و لە پرسیاری دووەمدا دەڵێم پێویستە حکومەت هەوڵی جدی بدات نەک هەوڵی جدی داوە کە دیارە بە هۆ هەڵەی چاپەوە ئەو پیتە گۆڕاوە .خوازیارم لای خوێنەر ئاشکرا بێت .***

***کازیوە ساڵح***

## کازیوە سالّح بۆ گولان:

# بە رەچاوکردنی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان نابێ رێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەت لە ٤٥٪ کەمتر بێت



کازیوە سالّح ناوێکی دیار و بەرچاوی داکۆکیکردن و بەرگریکردنە لە مافی ئافرەتی کورد و، لەم بوارەدا کارو بزاڤی زۆری کردووە هەر لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمنارەوە تا چیرۆک و شیعر و رۆمان و وتارە جۆرا وجۆرەکانیدا، هەر باسی لە چەوساندنەوە وپشتگوێ خستنی مافی ئافرەت و بزووتنەوەی فیمینستی کوردستانی کردووە، بۆ باسکردن لەم بابەتە و چەندین بابەتی دیکەی تایبەت بە خۆی و دوایین کتێبی، گۆڤاری گولان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ خاتوو کازیوە سالّح ئەنجامدا و بەرێزیان بەم شێوەیە وەلامی داینەوە:

**دیمانە: خەلیل بلەیی**

*** ئەگەر دەربارەی دوا کتێبی خۆت هەندێکمان بۆ باس بکەیت؟**
-لە ئێستادا سەرقالّی پیت چنینی کتێبێکی نوێم دەربارەی تیورییەکی فیمنستی، کە خوازیارم چاپخانەیەک هەبێت زوو بۆم چاپ بکات، چونکە پێ دەچێت ژمارەیەکی بەرچاوی ژنی کورد زۆر لە تیۆری فیمنستی بە هەڵە تێگەیشتبێت و پێویستی بەوەبێت زوو بخرێتە بەردەستی بۆ راستکردنەوەی هەندێ بۆچوون، دوا کتێبیشم کە چاپکراوە کۆمەڵە چیرۆکی «نامەکان بەر لە مردن ناخوێندرێنەوە» کە لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بە چاپ گەیەندراوە.

*** بزووتنەوەی فیمنیزمی کورد تا چەند توانیویەتی لە ئاست خواست و ویستەکانی ژنی کوردابێت؟**
– هەتا ئێستا لە کوردستاندا بزووتنەوەی فیمنستی بوونی نییە، بزووتنەوەی فیمنستی ئەوانە نین کە لە رێکخراو و گرووپێکدا کار بکەن کە دروستکراوی عەقڵی پاتریارکی و بەرێوەبردنی جیهانبینی پیاوان بێت، لە بنەمادا بزووتنەوەی فیمنستی بۆیە دروست بووە ئەو

جۆرە عەقڵییەتە کە هەندێ لە ژنان لە ژێر دروشم و ناوە جیاوازەکاندا خۆیان پێ خەڵەتاندووە بسڕێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی تواناو هۆشمەندی خۆی و ڕەخنەگرتنی بەردەوامە فەراهەم دێت.

ژن لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە عەقڵەوە دەتوانێت بگات بەو ناتەواوییانەی کە لەباری بێدەنگی و ڕەخنەنەگرتندا نایدۆزێتەوە، ئەوەش کاتێک ژن لێی دەگات هۆشیاری ڕەخنەگرتن و هۆشیاری بیرکردنەوە و بڕیاری سەربەخۆ نەک بڕیاری خوازراو و بیری خوازراو، زۆرێک لە ژنان کە باسی مافی ژن و ئازادییەکانی دەکەن یەک وشەی زادەی بیری خۆی نییەو و خوازراوە لە نوسراو و بلاوکراوەکانی دیبەوە وەریگرتووە، هەر بۆیەش لەلای نابێت بە کردار، چونکە ئەو بیروبۆچونەی لە ناخ و باوەڕەوە هەڵ نەقوڵێت لە دەروونیشدا ئارامی مانەوە ناگرێت.

ئەمەیان ئاماژەمان پێکرد بە ڕەخنەگرتن لە عەقڵ و کردار دێتە ئاکام، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئافرەتی کورد خۆی بخاتە نێو تاقیگای ئەو شۆڕشە دەروونییە، فاکتەرەکانی دەستەبەرکردنی ئەو شۆڕشە خستنە ژێر پرسیاری خودە، بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا بگەین بە ژێر پرسیارخستنی سەرجەم سیستەمی پاتریارکی، ئەو ژێر پرسیارخستنەش بەوە دەکرێت کە سیستەمێکی باڵاتر لەوەی هەیەو ئەو لە ناویدا ڕاڤەی خەونەکانی خۆی تێدا دەکات دروستبکات، دەکرێت ئەو سیستەمەش ئایدیای فیمنستی بێت لە نێو تاقیگەی فیمنیستیدا، پێویستە سەرەتا ژن بە خۆیدا بچێتەوە کە لە کوێدایە؟ کاری چییە؟ شوناسی چییە؟ ئامانجی چییە؟ لە هەمووشی گرنگتر ئایە ڕێگەیەکی مەشروعی گرتووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئنتما بوونی؟! ئەمانەش ڕاڤەکردن و تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی ئایدیای فیمنستی دەوێت کە کوردستان هەژارە لە بەرجەستەکردنی ئەو ئایدیایەدا لەمیانەی ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی حکوومەت چەند جارێک پەیمانی گۆڕینی بارودۆخی ژنانی لە ڕاگەیاندنەکانەوە دووپات کردووەتەوە هەوڵی جددی داوە بۆ:

١- بەرجەستەکردنی خولێکی هۆشیارکردنەوەی فیمنستی بۆ ژنان کە لەلایەن خەڵکانێکەوە ئەو هەوڵە بدرێت کە تێگەیشتووی ئەو بوارە بن، نەک ئەوانەی وا دەزانن بەرگریکردن لە ژنان لە هەرکوێیەک بێت واتە فیمینست دەکات.

٢- لەو ڕوانگەی خەڵکی ئێمە زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری حزبەکان هەوڵ بدات ژن لە نێو ڕێکخراوی حزبییەوە کە ڕێکخەری کۆمیتەی دەکات لە بەرژەوەندی عەقڵی پاتریارکی بهێنێتە دەرێ بۆ نێو خۆ ڕێکخستنی حکوومی بە مەرجێک ئەو حکوومەت تەنهاو تەنها کار بۆ ئامانجی ژنانە و فیمنستیانە بکات، بەو ئاراستەی حکوومەت موڵکی خەڵکە نەک حزب کار بکات.

٣- دامەزراندنی سەنتەری فیمنستی بە هەموو چالاکییە مرۆیی و زانستی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزارییەکان کە تەنها و تەنها موڵکی ژن بێت و ئەو ژنانەش کە هەڵگری فکری فیمینیزمین.

٤- هەوڵ بدات مەسەلەی مافی ژن بخرێتە نێو میتۆدەکانی خوێندن، نەوەکانی داهاتوومان هەر لە سەرەتاوە بە فکری مافەکان و پیرۆزی و قوربانی و شۆڕشەکانی ژنی کورد گۆش بکەین.

*** ئایە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان گونجاوە بۆ ژنی کورد؟**

- بەراورد بە سیستەمێکی دیموکراتی و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و مافی ژنان، نەخێر ئەو ڕێژەیە گونجاو نییە و پێویستە بگەیەندرێت بە ئاستێک کەمتر نەبێت لە ٤٥٪، ئەمە وەکو ڕێژە، بەڵام وەکو توانا دەکرێت بکرێت بە ڕێژەی ٨٠٪ ئەگەر وەکو ژنانی نێو پەرلەمانەکانی پێشوو تەنها بۆ دیکۆر دابنرێن و جگە لە شتی ساکار نەتوانێت خاوەنی بڕیاری بگۆڕی وەها بێت کە لایەنی کەم دەنگی خۆی وەکو پەرلەمانتار لە پەراوێزەوە بگوێزرێتەوە بۆ سەنتەر، ئەوجا بتوانێت خواست و مەسەلە گرنگەکانی ژنی کوردیش بگەیەنێت بە هەمان مەبەست.

*** ئەی بوونی ژنی کورد لە پۆست و شوێنە سیاسییەکاندا وەکو پێویستە؟**

- ئەویشیان بەداخەوە وەکو پێویست نییە، دەتوانم بڵێم بوونی ژن لەو پۆستانەدا هێندە بوونی ژنانی خێزان و خوشک و کچی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانە لە نێو بزووتنەوەی ژناندا نەک هێندە تواناو لێوەشاوەیی ژنی کورد لە کایە جیاوازەکاندا.

*** ئایە کێ بەرپرسیارە لە کەمی بەشداری ژنان لە ئێستادا؟ ئایە پیاو ڕێگرە یان خۆی کەم تەرخەمە؟**

- هەردوولا کەمتەرخەمن، ڕێژەیەکی زۆری ژنان کەمتەرخەمن، چونکە بە تەنها خاوەنی هۆشیارییەکی ڕەمەکین نەک هۆشیاری ئایدۆلۆژی، ئاستی ڕەمەکی کە دەتوانێت پێشی بگووترێت ئاستی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی کە هوشیاری مرۆڤ و خوێندنەوەی دەگرێتەوە بۆ ڕوودا و و دیاردە ڕووکەشەکان، بەرجەستەکردنی ئەو خوویەی کە لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەوی دەکەن، ئەو ئاستەش گوزارشت لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە خودییەکان و ژیانی ڕۆژانە و درو و نزیکی لە خەڵک دەکات بە ڕەچاوی پەیوەندی ڕەهەندە کەلتووری و جوگرافی و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانە و هیچی دی.

بەشێکی زۆریان پیاو نەک هەر ڕێگرە بەڵکو تێکدەری فکر و ژیانیشیانە، ئەوانیش تەنها لە پیاوانی هاوسەریان پێک نەهاتووە، بەڵکو پیاوانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیش دەگرێتەوە.

*** ئایە پاش هاوسەرێتی و چوونە ناو قۆناغێکی نوێ، ژیانی کاری ئەدەبی و هونەریت وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟**

-ئەگەر مەبەستتان کاتە، وەکو ئەوەی کە مرۆڤ تەنها بۆ خۆی ناژی و کاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە ئەرک و مافیان لە سەر یەک هەیە دیارە مەسەلەی هاوسەریش یەکێکە لەو پرۆسانەی کە زۆرێک لەکاتی مرۆڤ داگیر دەکات، ئەگەر مەبەستیشتان ڕێگەگری پیاوە بە جۆری عەقڵییەت و بیرکردنەوەی ئەو کەسەیە کە ژنێکی نووسەر ژیانی بە ژیانییەوەگرێ دەدات، ئەوەشیان دەکرێت لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازبێت وەکو بۆ نموونە خۆم هەمیشە گرێدانی هاوسەریم ڕەتدەکردەوە هەتا خۆم پێدەگەیەنم و دەگەم بە قۆناغێکی گونجاوی کاری هزر و خۆ پێگەیاندن،، کاتێکیش هاوسەرم هەڵبژاردووە نەک تەنها ئەو وەک هەموو کەس دەزانێت کازیوە چۆن بیردەکاتەوە و چی دەوێت لە ژیاندا و هەڵوێست و غەم وخۆشییەکانی چین و لە ئاستێکی باشی کارکردندا بووە، بۆیە ناکرێ پیاوێک پەتی ژیانی لەسەر بنەمای فکرەوە بە منەوە گرێبدات، پاشان بە پێچەوانەیم بسپێرێت و من بەم بارودۆخە تەسلیم بم، کاری نووسین و هزر بکەم بە قوربانی.